# با زاخۆ بکەینە غاندیستان!

د. هەژار مەعرووف

ئێمەی کورد وادیارە پەندو عیبرەتمان لە شە ڕ بە گشتی و لە شەڕی براکوژیی کورد بە کورد یا کورد بە ناکورد بەکوشتدان بەتایبەتی، وە رگرتووە و ئەوەی دوێنێ شەو بە ڕێزمەسعود بارزانی لە کەناڵی ئەلجزیرە وتی کە ئێمە بە هیچ جۆرێک جارێکی تر لەگەڵ پ ک ک و هیچ حیزبێکی کوردیی تر شەڕی براکوژی ناکەین ، و ئەوەی چەند رۆژێک پێشتریش بە ڕێز مام جەلال وتی ئێمە پشیلەیەکیش تەسلیمی تورکیا ناکەینەوە، هەڵویستی مەردانەی مێژوییین و ئەگەر لە سەر هەمو بستێک خاکی کوردوستان پیادەبکرێت، ئەوا دەبێت ئەم هەڵوێستە بە ئاونگ لەسەر پەڕەی گوڵاڵەسورە و نێرگز بنوسرێتەوەو لەسەر ماە و تاشەبەردەکانی هەندرێن یا قەندیل یا هەر چیایەکی تری کوردوستان، هونە رمەندانی دەسترەنگین هەڵیکۆڵن و بە جۆرێک بینەخشێنن کە هەرگیز رۆژگار نەیسرێتەوەو لەبیر نەچێتەوە. شەڕی تا ئێستای ئێمە لە گەڵ دەسەڵاتدارانی تورک و عەرەب و ئێرانی ڕون و ئاشکرایە کەشەڕی بە رگری و ناچاریەو ناچاری بوە، کورد هەرگیز لەگەڵ ئەواندا لە ئەنکەرا و بەغداد و تاران و دیمەشق شە ڕی نەکردوە و هەمیشە ئەوانبون وەک بەڵا داویانە بە سەر وڵاتەکیدا. لە پێناوی ئاشتیشدا لە گەڵیان سەرکاروانی

شە هیدان و سومبولی ئاشتیخوازی و ناتوندوتیژی قازی محەمەد و دواتریش عەبدولرەحمان قاسملۆ بە دەستی داگیرکەری شەڕەنگێز ترسنۆکانە و نامەردانە شە هید کران و خوالێخۆشبو سەرۆک بارزانیش لە ماڵی خۆی لە 1971 هەر لە پێناوی ئاشتیدا بە ئاستەم لە هەوڵێکی نامەردانە و ناپاکانەی سەدام بۆ کوشتنی، بەرێکەوت رزگاری بو.

ئەمێستاش وا خەریکە دەنگی ناسازی شەیپوری شە ڕی دەوڵەتی تورک پەردەی گوێی خەڵکی باشوری کوردوستان(هەرێمی کوردوستان ـ عێراق) دەدرێت، هەرەشەی ئەم شەرە دەبێت گەلێک بە جیدی وەربگرین و خۆمان بۆ هەمو ئەگەرەکانی ئامادە بکەین. تورکیا پاش پتر لە 30 ساڵ لە داگیرکردنی باکوری قوبروس بە بەرچاو هەمو دونیاوە ئێستاش ئامادە نیە سوپاکەی بکشێنێتەوە.

بۆیە هەر گەلێک گرنگە کورد هەمو تواناکانی دیبلۆماسی و جەماوەری و ڕاگەیاندن و ڕەوشە جۆرا و جۆرەکانی خەباتی مە دەنی و کۆمەڵایەتی بخاتە گەڕ بۆ ڕێگرتن لە هەڵگیرسانی شەڕ کە جگە لە جەنراڵەکان و دروستکەران و بازرگانانی چەک و تفاقی جەنگی هیچ لایەک سودی لێ نابینێت و دورنیە لە کاتی هێنانەوەی مەیتی سەربازی تورک ، کە دەبێتە هۆی هەڵچون و هەژانی هەست و سۆزە نابیناکان ، شە ڕی تورکە شۆڤێنیەکان دژی کورد بۆ ناو ئەستەمبوڵ و ئەنکەرا و ئیزمیر و شارەکانی تریش تەشەنە نەکات و هەزاران قوربانیی لە هەردولا لێنەکەوێتەوە. ئێمە دەبێت بە شێوازی جوان و داهێنەرانە و سیڤیل بۆ هەمو دونیای بسەلمێنین کە بە ڕاستی و بەدڵ ئاشتیخوازین و دژی شەڕین لە گەڵ تورکیا، من بۆ نمونە دو پێشنیاز دەخەمە بەردەست بە هیوای ئەوەی سودێکی هەبێت.

یەکەم: دیارە ئەگەر سوپای تورکی هێرشی زەمینی بکاتە سەر هەرێمی کوردوستان ئەگەری بە هێز دەروازەی زاخۆیە بۆ دەسپێکی هێرشەکە. سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانن دەیان هە زار ئینسانی کوروستانی و عێراقیی بێچەک بە دروشمی سپی و ڕەنگا و ڕەنگی ئاشتیخوازی و مرۆڤدۆستی و برایەتیی گەلان و برایەتیی کورد و تورک کۆبکەنەوە و بە چەند ڕیزێک سەر جادە قیرەکەی پێ بتەنن و پێ دابخەن و دیوارێک لە ئینسانی بێچەک لە سنوری( ئیبراهیم خەلیل) ە وە بە ناو ( زاخۆ ) دا هەتا (دهۆک)ی پێ دروستبکرێ . دەبێت مۆسیقا و

چالاکی و داهێنانی هونەریی ڕەنگا و ڕەنگیش بۆ سەرنج ڕاکێشان و ڕەوینەوەی ترس و خاوکردنەوەی ئەو گرژی و دەمارگیرییەی دروست بوە، دەوری گرنگ و بەردەوامی خۆی ببینێ. بێگومان بەشداری و ئامادەیی مامۆستا ئاینیە کانی ئیسلام و مەسیحی لەم مانگرتنەدا و خوێندنی قورعان بە بڵندگۆ جەوەکە ئارامتر دەکاتەوە . پێش دەسپێکی ئەم چالاکیە دەبێت هەمو دەسگاکانی میدیای ناوچەیی و نێونەتەوەیی، حیزب و ڕێکخراوەکان و کەسایەتیە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی ( سیاسی، ڕۆحی، ئاینی ، ئەدەبی، هونەری، گۆرانیبێژ، وەرزشوان....) ی ئاشتیخواز، و مافی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە و ئەمنستی...هتد ئاگاداربکرێنەوەو بانگێشتن بکرێن بۆ بەشداریکردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەمەڕ چالاکییەکە. بێگومان دەبێت دەیان هەزار مرۆڤی تر لە پشتی ئەم کاروانی ئاشتی و بەرەی ناتوندو تیژییە ئامادەکرابێت بۆ گۆڕین و جێگرتنی ئەوانەی ماندو بون و یا نەخۆشن و یا لەبەر هەر هۆیەکی تر تەنیا بۆ ڕۆژێک یا چەند ڕۆژێک دەتوانن لە ڕیزەکەدا ڕابوەستن. ڕەوەندی کورد لە ئەروپا و ئەمریکا... لە چالاکییەکی ئاوادا دەتوانێت دەورێکی گرنگ ببینێت، بۆ نمونە من و دەیان کوردی چالاک لە ئەڵمانیا ئامادەین پەیوەندی بەڕێکخراوەکانی وەک( مێدیکۆ ئینتەرناشیۆنال ) و ( گەلانی ژێر هەڕەشەی نەمان و لەناوبردن) و (دوکتۆرانی جیهان دژی شەڕی ئەتۆمی ) و ....هتد بکە ین و داوای بەشداریی و کۆمەکی مەعنە وی و ڕێکخراوەیی و ئیعلامیان لێبکەین. من دڵنیام چالاکیەکی ئاوا یا هەر چالاکیەکی تر لە شێوەی ئەمە، گەلێک کاریگەریی باشی دەبێت بۆ لەقاودان و ڕیسواکردنی شە ڕەنگێزانی ناو سیاسەتی تورکی و ڕێزی کورد وەک نەتەوە یەکی شە ڕنەخواز لە ساڵۆنەکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی زیاددەکات و ڕوخسار و ڕوی کورد لە مێدیای جیهانی ـ کە دوژمنانی کورد هەمیشە بە شەڕخواز و زبر و هۆڤی نیشانیانداوە ـ ڕند و پاک دەکاتەوە و دەیدرەوشێنێتەوە . بێگومان چالاکییەکی ئاوا ئاشتیخوازی و مەدەنیش مەرج نییە بەر بە هێرشی سوپای تورک بگرێت و دوور نیە قوربانیی زۆریشی لێبکەوێتەوە ، بەڵام ئەی لە شەڕی بەرگری چەکداریشدا قوربانیی زۆری لێناکەوێتەوە ؟ دڵنیام بزوتنەوەیەکی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک ئاوا بەرفراوان لە حاڵەتی شکست هێنانیشیدا نەک هەر ڕێگە لە بەرگریی چەکداری ئینجا! پێویست و ڕەوا و موقەدەس ناگرێت بەڵکو لە ڕوی مەعنەویەوە بەهێزتری دەکات و شەرعییەت و ڕەوایەتی زۆرتری پێ دەبەخشێ و ، سیاسەت و هەڵوێستی شەڕخوازانەی دەوڵەتی تورک لەبەردەم ڕای گشتیی خۆماڵی و ناوچەیی وجیهانیدا ڕوت و قوت دەکاتەوە. بەڕای من ئەم جۆرە چالاکییانە دەبێت لە حاڵەتی درێژەپێدانی شە ڕیشدا بۆ هەرچی زووتر وەستانی شەڕ هەر درێژەی هەبێت.

دوهەم: کۆڵەکە و پایەی حکومەتی ئۆردوگان ئاینی ئیسلامەو کوردیش وەک تورک موسوڵمانە و چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردی ئیسلامی لە کوردوستانا هەن، جگە لەو چەند هەزار مەلا و کەسایەتیە ئاینییەی ئیسلام لە مزگەوتەکانا، پێویستە ئەم بەرەیەش گورج و گۆڵ بکرێت و بکەوێتە هەوڵی سیاسی و ئاینی و دیبلۆماسیی خۆی بۆ نەهێڵانی هەڵگیرسانی شەڕ وهێرشی سوپای تورک بۆ سەر هەرێم . ئایا تا ئێستا شاندێکی ئیسلامی کوردی یا عەرەبی یا هەردوکیان بۆ ئەم مەبەستە پیرۆز و ئیسلامیە ڕووی کردۆتە تورکیا یا وڵاتانی تری ئیسلامی؟ بۆ نا؟

ئەی برا مەسیحییەکانمان لە کوردوستان کە دێهاتەکانیان ڕاستەوخۆ لەژێر مەترسیی شاڵاوی سوپای تورکدان، تا ئێستا بۆ هەمان مەبەست هانایان بردووە بۆ هیج لایەن و کلیسا و کەسایەتییەکی جیهانی مەسیحی (پاپا)کە پتر لە یەک ملیارد ئینسانە؟ بۆ نا؟

کورد پێش تورک دەبێت بە ئارامی و سەبری مەسیح و گاندی و پێشەوا قازی محەمەد مانگای بێوەی و ئاشتیخوازی هەتا دوا تنۆک بدۆشێت و چۆڕبڕی بکات و شیرەکەی پێشکەشی تورک بکات ، ئەگەریش گورگە بۆرەکانی ناو سیاسەتی تورکی پاش ئەو هەمو هەوڵ و هانابردنە هەر سوربون لە سەر سەربڕین

و هەلاهەلا کردنی ئەم مانگا پیرۆزە، ئەوسا ئیتر دونیا هەقیەتی و دەبێت لە نەتەوەی کورد تێبگات ئەگەر ئینسانی کورد  بۆ پاراستنی ژیان و کەرامەت و پیرۆزییەکانی خۆی پەناشی بۆ هەر ڕەوشێکی نوێی تری خەبات برد بە کاری خۆکوژیشەوە!

28.10.200